به‌به‌شداری زیاتر له ٧٠ فیلم
فیستیڤاڵی کورته فیلمی عێراقی فیدراڵ ساز ده‌کرێت

بڕیار وایه له ڕۆژانی ١٨-٢٨/٨/٢٠٠٧ له شاری هه‌ولێر فیستیڤاڵی کورته فیلمی عێراقی فیدراڵ له هۆڵی پێشه‌وا له شاری هه‌ولێر له لایه‌ن کۆمپانیای (ئه‌ڤینی فیلم) ساز بکرێ به به‌شداری چه‌ندین سینه‌ماکاری کوردی هه‌رچوار پارچه‌کانی کوردستان و عێراقی فیدراڵ و به‌ڕێوه‌به‌رانی چه‌ند فیستیڤاڵێکی سینه‌مایی جیهانی، ئه‌م ساڵ ژماره‌یه‌کی زۆری کورته فیلم له فیستیڤاڵه‌که‌دا به‌شدار ده‌بن که ژماره‌یان له ٧٠ فیلم زیاتره.

سه‌باره‌ت به‌م فیستیڤاڵه هونه‌رمه‌ند ئه‌نوەر شێخانی به‌ڕێوه‌به‌ری فیستیڤاڵ له لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: ئێمه هیوادارین بتوانین ساڵانه ئه‌م فیستیڤاڵه ساز بکه‌ین، چونکه تایبه‌تمه‌ندی کورته فیلم له‌وه‌دایه، که ساڵانه فیستیڤاڵی له‌و جۆره ئه‌نجام بدرێت هه‌ربۆیه‌شه ده‌بینین ته‌نانه‌ت له فیستیڤاڵه گه‌وره‌کانی جیهان به‌شێکی تایبه‌ت هه‌یه به کورته فیلم ئه‌مه سه‌ره‌ڕای فیستیڤاڵه تایبه‌ته‌کانی کورته فیلم،یه‌کێك له ئامانجه‌کانی کورته فیلم ئه‌وه‌یه که ده‌بێته باکگراوه‌ندێك بۆ ئه‌و هونه‌رمه‌نده و ئه‌زموونێکی به‌هێزیش ده‌بێت بۆ ئه‌وەی بتوانیت له دواڕۆژدا فیلمی گه‌وره به‌رهه‌م بهێنێت، هه‌روه‌ها کورته فیلمیش ده‌توانێت کێشه‌یه‌ك یان بابه‌تێکی گرنگ باس بکات وه‌ك چۆن له فیلمی گه‌وره ئه‌و کاره ده‌کات،بۆ ئێمه‌ی کورد کورته فیلم گرنگییه‌کی زۆری هه‌یه، چونکه ئێمه تا ئێستا سینه‌مامان نییه و له سه‌رەتای دروستبوونی سینمای کوردین وه‌ك زۆربه‌ی میللەتانی جیهان. ئه‌نوەر شێخانی هه‌روه‌ها گوتی: دیاره هه‌ر فیستیڤاڵێکی هونه‌ری پێویستی به توانایه‌کی ماددی زۆر هه‌یه و، له‌بەر ئه‌وەی ئێمه له ساڵی ٢٠٠٦ ئه‌و توانایه‌مان نه‌بوو خولی دووه‌می فیستیڤاڵه‌که ساز بکه‌ین ئه‌وا دواکه‌وت بۆ ئه‌م ساڵ،چونکه ئه‌م فیستیڤاڵه له‌سه‌ر ئه‌رکی کۆمپانیای ئه‌ڤین ساز ده‌کرێت و وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومه‌تی کوردستانیش هۆڵی پێشه‌وای له باڵه‌خانه‌ی نوێی وەزارەت بۆ ته‌رخان کردین تاکو کارو چالاکییه‌کانی تێدا ئه‌نجام بدەین، ئێمه لێرەوه زۆر سوپاسیان ده‌که‌ین، سه‌باره‌ت به کاره‌کانی فیستیڤاڵیش شێخانی گوتی: فیستیڤاڵی ئه‌م ساڵمان سێ ڕۆژ ده‌خایه‌نێت له سه‌رووبه‌ندی فیستیڤاڵه‌که‌ش چه‌ندین کۆڕ و سیمیناری تایبه‌ت بۆ سینه‌ماکاره به‌شداربووه‌کان ساز ده‌کرێ، کۆڕه‌کانیش بریتین له :کۆڕێك ده‌رباره‌ی سینه‌مای کوردی، کۆڕێك ده‌رباره‌ی سینه‌مای عێراقی و یه‌کێکی دیکه‌ش له لایه‌ن ئه‌و سینه‌ماکاره بیانیانه‌وه پێشکه‌ش ده‌کرێت که بۆ فیستیڤاڵه‌که بانگهێشت کراون،ده‌رباره‌ی فیلمه به‌شداربووه‌کانیش به‌ڕێوه‌به‌ری فیستیڤاڵ گوتی: به‌ر له ساز کردنی ئه‌م فیستیڤاڵه ئێمه بۆ ماوەی یه‌ك مانگ خولێکمان کرده‌وه بۆ بیست قوتابی له‌سه‌رتاسه‌ری عێراق ده‌رباره‌ی کورته فیلم له‌م خوله‌دا سێ مامۆستای پسپۆر له سینه‌ما که یه‌کێکیان له ئه‌مه‌ریکاوه هاتبوو ئه‌وانی دیکه‌ش له هۆڵه‌ندا که مامۆستای ئه‌کادیمیای ئه‌مستردام بوون، ئه‌مانه بۆ ماوەی دوو هه‌فته چه‌ند وانه‌یه‌کیان پێشکه‌ش کرد ده‌رباره‌ی چۆنیه‌تی دروستکردنی کورته فیلم و سیناریۆ، له دوو هه‌فته‌که‌ی دیکه‌ش خه‌ریکی کارکردن بوون له‌سه‌ر چۆنیه‌تی به‌رهه‌مهێنانی کورته فیلم، ئه‌م ساڵ ٧٠ فیلم له فیستیڤاڵه‌که نمایش ده‌کرێن و نزیکه‌ی بیست فیلم له به‌شی پێشبڕکێ به‌شداری ده‌که‌ن، ماوەی فیلمه‌کانیش له سێ ده‌قیقه تا نیو کاتژمێره، هه‌روه‌ها فیلمه‌کانمان بۆ سێ به‌ش دابه‌ش کردووه، هه‌ر له سه‌رووبه‌ندی فیستیڤاڵه‌که فیلمێکی دیکیۆمینتی نمایش ده‌کرێت که کۆمپانیای ئه‌ڤینی فیلم له‌سه‌ر ئه‌رکی ئه‌نجامیداوه.

ده‌رباره‌ی خه‌ڵاته‌کانی فیستیڤاڵیش گوتی: ئێمه ته‌نیا دوو خه‌ڵاتمان ته‌رخان کردووه بۆ یه‌که‌م و دووه‌م باشترین فیلم، چونکه کورته فیلم خۆی کاری ده‌رهێنه‌ره له‌لایه‌نی وێنه‌گرتن و سیناریۆ و ته‌نانه‌ت مۆنتاژیشه‌وه.

سه‌باره‌ت به لیژنه‌ی ناوبژیوانانی فیستیڤاڵ و فیلمه به‌شداربووه‌کانیش هونه‌رمه‌ند ئه‌نوەر شێخانی گوتی: ئه‌م ساڵ فیلمه‌کان سێ به‌شن ئه‌وانیش فیلمی کوردی و فیلمی عێراقی و فیلمی بیانی له سه‌رتاسه‌ری عێراق ١٨ فیلم به‌شدارن، له بیانییه‌کانیش ١١ فیلم به‌شدارن، له هه‌رچوار پارچه‌کانی دیکه‌ی کوردستانیش نزیکه‌ی ٤١ فیلمی کوردیمان داناوه بۆ نمایش کردن، لیژنه‌ی ناوبژیوانانی فیستیڤاڵیش که له سێ که‌س پێکهاتووه له ده‌ره‌وەی وڵاته‌وه دێن، ئه‌مانه هیچ له فیلمه‌کانیان نه‌بینیوه، هه‌روه‌ها دوو به‌ڕێوه‌به‌ری فیستیڤاڵی جیهانیمان بانگهێشت کردووه، هۆی داوه‌ت کردنی به‌ڕێوه‌به‌ری فیستیڤاڵه جیهانییه‌کانیش بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه کاتێك سینه‌ماکارێکی کورد فیلمێك به‌رهه‌م ده‌هێنێ فیلمه‌که‌ی له ماڵه‌وه ده‌که‌وێت ته‌نانه‌ت که‌ناڵه ته‌له‌فزیۆنییه‌کانی خۆیشمان نمایشی ناکه‌ن، ئێمه ده‌مانه‌وێت پەیوەندییه‌کی به‌هێزمان له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌رانی ئه‌م فیستیڤاڵانه هه‌بێت بۆ ئه‌وەی بتوانین له ڕێگای ئه‌وانه‌وه فیلمه کوردییه‌کان بنێرینه ده‌ره‌وه وله فیستیڤاڵه جیهانییه‌کان نمایش بکرێن و ده‌رهێنه‌ره به توانا‌کانی ئێمه له ده‌ره‌وه زیاتر بناسرێن و فیلمه‌کانیان شوێنی خۆی بگرێت، چونکه ئێمه خاوەن گه‌نجی به‌هره‌مه‌ندو به توانای ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌تیان بۆ بڕه‌خسێت و هاوکارییه‌کی ته‌واو بکرێن، هه‌روه‌ها ده‌مانه‌وێ سینه‌ماکاره عه‌ره‌ب و جیهانییه‌کانیش له نزیکه‌وه ئاگاداری ره‌وشی سینه‌ما بن و بزانن که ئێمه‌ی کوردیش ده‌توانین کاری سینه‌مای به‌رز پێشکه‌ش بکه‌ین سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌موو گرفتانه‌ی که هه‌ن به‌ڵگه‌شمان بۆ ئه‌و قسانه ئه‌وه‌یه که ساڵانه چه‌ندین فیلمی کوردی به‌رهه‌م ده‌هێنرێن و له فیستیڤاڵه جیهانییه‌کان خه‌ڵاتی شایسته به‌ده‌ست ده‌هێنن، له کۆتاییشدا ئه‌نوەر شێخانی به‌ڕێوه‌به‌ری فیستیڤاڵی کورته فیلمی عێراقی فیدراڵ گوتی: زۆر سوپاسی به‌ڕێز نه‌وزاد هادی پارێزگاری هه‌ولێر ده‌که‌م که به‌ده‌نگمانه‌وه هاتووه و هاوکاری کردووین بۆ سه‌رکه‌وتنی فیستیڤاڵه‌که، دیاره له هه‌موو شوێنێك له کاتی ساز کردنی هه‌ر فیستیڤاڵێك سه‌رۆکی شاره‌وانی ئه‌و شاره ئه‌رکی سه‌رپه‌رشتی کردنی فیستیڤاڵ له ئه‌ستۆ ده‌گرێت ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌کی ڕه‌مزیش بێت .

●●●

لیژنه‌ی ناوبژیوانانی فیستیڤاڵ که له سێ که‌س پێکهاتووه له ده‌ره‌وەی وڵاته‌وه دێن

●●●

ئا/ فایلی هونەری